www.kurdistannet.org
17-2-2007 22:14 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرۆکێکی ئێزدییەکان: ئەگەر نەترسم کورد نیم! ... عەلی مەحموود محەمەد



پادشای کۆرە، ئەگەر چی تۆپەکەی تاکو ئەمرۆ بۆ شانازی بۆمان بەجێماوە، هاوکات مێژووە ڕەشەکەشی لە هەمبەر ئێزدییەکان تۆمار کراوە، ئەگەر ئەمرۆ شانازی بە تۆپەکەیەوە بکەین، نابێت کەلەسەری عەلی بەگ و سەدان ژنی تالانکراوی ئێزدی لە یاد بکەین، هەردووکی بەرهەمی دەسەلاتی ئەون.

بۆ ئێمەی کوردی موسڵمان ڕەوایە و بە شانازی دەزانین، سەدان کچی ئێزدی بکەین بە کەنیزەك و لەنێوان خۆمان دابەشیان بکەین، وەلێ شەرمەزارییە کچە موسڵمانێك لەگەڵ کورە ئێزدییەك عاشقایەتی بکات، هەموو ڕۆژێك خوێنی عاشقان لەسەر جیاوازی ئاینی و چینایەتی (هیندۆس) لەم جیهانە دەرژێنرێت، هەموو ڕۆژێك شێخانێکی ئێزدی و کاکەیی و. . . . ئاگر دەسێنێت.

لەم ڕۆژانە ئەمەریکییەکان لە یەکێك لە پێشەوایانی ئێزدییەکانیان پرسی بوو: ئایا کوردیت؟، لە وەڵامدا ئەو کەسایەتییە هەرچەندە دوو برای شەهیدی بزاڤی ڕزگاری کوردستانە وتبووی: نەترسم کورد نییم!.

ئەم وەڵامە وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر ئەو بارودۆخەی هاتۆتە پێشەوە بۆ ئێزدییەکان ڕەوایەتی تێدایە، ئاخر چۆن وا نەڵێن، دەسەڵاتدارییەتی خودی شارەکانیشیان بە دەست خۆیانەوە نەبێت، زەوییەکانیان داگیر بکرێت و ڕێگە نەدرێتەوە بگەڕێنەوە سەر هەندێك لە گوندەکانیان، هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای ئاینی دەڤەرەکەیان بدرێت. . . . . . . . .

بەرپرسی حیزبی لقی دەڤەرەکە (ف ف) نانی ئێزدییان ناخوات، تەنانەت چوکلێتی دەستیشیان کە لە هاندەران دروستکراوە ڕەتدەکاتەوە " لە بنکەی لالش چوکلێتی دەستی ئێزدی ڕەتکردۆتەوە "، بەڕێوەبەری ئاسایش (ئ ن) ئاویان ناخواتەوە، قوڕ بەسەریان دەبێت قایمقام و سەرۆکی پۆلیس چی بکەن؟، ئایا ئەم کردارانە بە هەموو پێوانەیەك ئاپارتاید نییە؟، بێشك 100% ئەمە سیاسەتی ئاپارتایدە لە هەمبەر ئەم ئازیزانەی گەلەکەمان پەیرەو دەکرێت، هەربۆیە بە بچوکترین ئاگر ناوچەکە گڕ دەگرێت.

کە کارەساتەکەی ئەم ڕۆژانە ڕویدا، 1200 چەکدار لە کەڵەکچین و چرەوە بۆ غەزا چوون بۆ شێخان، ئەوانەشی شانسیان نەبوو لە بەشدارییپێکردن لە غەزوەی شێخان، ئەوا لە دەستکەوتی کافران بێبەشکران، وەلێ لە ماڵی خۆیان، هەموو دەست لەسەر پەلاپیتکە لە ئامادە باشیدا بوون بۆ فەرمانی پیرۆز.

هەواڵنێران کە باسی قەدەغەکردنی دەرچوونە دەرەوەی هاووڵاتیانیان لە شێخان کرد، نەیانزانی لە ڕاستیدا خەڵکەکە نایان وێرا لە کونی ماڵ بڕۆنە دەرەوە، نەك دەرچوونە دەرەوە قەدەغە کرابێت.

ئەوانەی تەقەیان دەکرد لە ماڵی شێخ و پیر و بەگی ئێزیدییان، ئاسایشی شێخان، پارێزەرانی ئاشتی و ئاسایش بوون، سەرۆکەکەیان وەك باسمانکرد، تەنانەت ئاوی دەستی ئێزدیانیش بە حەرام و گڵاو دەزانێت و ناخواتەوە، ئیتر چۆن هێزەکەیان ماڵی شێخ ناسوتێنێت؟، بەڵگەشمان ئەوەیە لە مەخفەری گردی شێخال شەمسەوە تەقە لە ماڵی میر کراوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەگەر پارتەکان بە تایبەت پارتی دیموکرات کە دەسەڵاتداری دەڤەرەکەیە، ئەم کەسە دەمارگیرە ئاینیانە بکات بە دەسەڵاتداری ناوچەکە، ئیتر چۆن هەموو ڕۆژێك کارەساتی شێخانەکان دوبارە نابێتەوە!.

ئێمە بە ئێوە دەڵێین برا برا

ئێوەش بە ئێمە دەڵێن کریف کریف *

بۆیە برایی پێویستە لە هەردوولاوە بێت، ، ئەگەر دەمانەوێت ئێزیدیاتی بە کوردستانی و ئێزیدییەکان بە کوردبوون بمێننەوە، ئەوا دەبێت ناوچەکە لە کەسانی دەمارگیری ئاینی پاککرێتەوە.

*برایە وەلێ نە لە نەتەوەو نە لە ئاین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.